# متمانەیەکی لەرزۆک .. ئوسامە سەلاح خورمالی

لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەوە بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و هەرەسهێنانی بلۆکی رۆژهەڵاتیش ئەوەندەی تر تێڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر کێشەی کورد لەناوچەکەدا گۆڕا،بەڵام وەنەبی هاوسۆزی بۆ کورد لەبەر خاتری چاوی جوانی ئێمە یان بیرکردنەوەی شارستانیانەمان بۆ مەسەلەکان بوبێت،بەڵکو بەبی ئەوەی ئێمە ئاگاداربین کەوتینە ناو هاوپەیمانیەتێك و پلانێکی نێودەوڵەتی کەبۆ ناوچەکە ئامادەو جێبەجی کرا،لەوانەشە ئەمجارەیان بۆ یەکەمجار لەمێژوودا سیاسەتوان و سەرکردایەتی سیاسی کورد سیاسیانەو دوورلە سۆزداری نەتەوەیی هەنگاویان نابێت و لەبەر ئەوەش دەبینین رۆژ لەدوای رۆژ مەسەلەی کورد بەرەو پێشەوە دەڕوات،رەنگە ئەگەر شەڕی شومی ناوخۆ و ململانێی نادیموکراسیانەی حزبەکانی کوردستان نەبوایە ئێستا لەقۆناخێکی ئێجگار پێشکەوتوتردا بوینایە، ئێستاش ئەگەر مێژوی نزیکی کورد و بزوتنەوەی سیاسی کورد لەکوردستانی عیراقدا لەگەڵ پێشهات و دواگۆڕانکاریەکانی ناوچەکە لەدوای ڕوخانی رژێمی سەدام بەراورد بکەین دەبینین لەڕوی سیاسیەوە کورد قۆناخێکی گەورەی بڕیوە تا بگاتە ئامانجەکانی،بەڵام دەبی ئەو راستیەش بڵێین کە پێشڤەچوونەکان زیاتر لە بوارە سیاسی و پەیوەندیە دەرەکیەکاندایە کە ئەویش لەوانەیە رەوشی نائارامی عێراق و شەڕی تیرۆر (کەلەنێوان ئەمریکاو گروپە ئیسلامیە تەکفیریە وەهابیەکاندایەو لەعێراقدا ئەو شەڕە دەکەن) ،ئەمانە هۆکاری ئەو پشتگیریە نێودەوڵەتیە بن کە بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقی دولەتکراودا هەیە، سیاسەتی کوردی لەبەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی کەموکوڕی گەورەی تێدایە و جیاوازی گەورەی نێوان بارو گوزەرانی هاوولاتیانی کوردستان و جموجوڵی گروپە (بەناو ئیسلامیە) تیرۆرستەکان لەکوردستاندا و بەحزبی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت و گەندەڵی لە دام و دەزگا حزبی و حکومیەکاندا،هەمویان پێکەوە ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم گەیشتنی کورد بە مافە رەواکانی، بەحزبی کردنی دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و متمانەی خەڵکی کوردستانی لاواز کردوە، ئاستەنگێکی گەورەیشە لەبەردەم یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستاندا و لەوانەشە ئاستەنگیش بێت لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کە تەوافق و رێککەوتنی هەموو حزبەکانی کوردستانیشی تێدایە، ئەگەر سەیری دەسەڵاتی کورد لەعێراقی ئەمڕۆدا بکەین کە (سەرکۆماری عێراق. سەرۆکی هەرێمی کوردستان. جێگری سەرەك وەزیران وجێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و وەزیری دەرەوە و پلاندانان و چەندین پۆستی هەستیار لەحکومەتی عێراقدا) و نزیکەی 15 ساڵ خۆبەڕێوەبردن لەعێراقدا و مامەڵەکردنی راستەوخۆی گەورەترین دەوڵەتەکانی جیهان لەگەڵ قەوارەی ئەمڕۆی کوردستان، کەچی هێشتا خەڵکی کوردستان وەك پێویست متمانە بە ئیدارەی کوردی ناکات،ئەویش کەموکوڕیە ناوخۆییەکان و نەبوونی شەفافیەتە لەنێوان خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی،بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین هەڵکشانی پەیوەندیەدەرەکیەکانی کورد و سیاسەتی کورد لەگەڵ بەڕێوەبردنی سیاسەتی ناوخۆ، هاوتەریب نیە و ئەرکی حکومەت و پەرلەمانی تازەی کوردستان و لەسەرو ئەمانەشەوە ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە ئەم هاوکێشە لاسەنگە راست بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر بزانین هێشتا خەڵکی کوردستان هیوایان بە سستمێکی عەلمانیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەنگدانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بە پارتی و یەکێتی متمانەیەکی تازەیە بەم دوو حزبە،بەڵام مەرج نییە ئەم متمانەیە لەگەڵ بەردەوامبوونی کەموکوڕیەکانی کە پێشتر باسم کرد،بۆ هەتاهەتایە بەردەوام بێت. .